www.kurdistannet.org
02/04/2002 17:42

# مەنسووری حیکمەت شۆفینستە یان نەیارەکانی !

خەتاب سابیر

لەم چەند دێڕەدا، بەکورتی دەمەوێت وەڵامی بەڕێز سۆفی سەعی بدەمەوە. هەموو جارێک دەڵێم، ئیتر بەسە، خۆت مەخەرە جەنجاڵی نووسین و سەریەشەکانیەوە. بەڵام هەرکە نووسینێکی خراپ دەبینم، دڵم هێڵنج دەدات و بێزم لەو نووسەرو نووسینانە دەبێتەوە کە مەبەستیان تیایدا تەنها شکاندنی کەسایەتی مرۆڤ بێت. یەکسەر دەست بۆ کیبۆردەکە دەبەم و پەشیمان دەبمەوە لە بڕیاری پێشووترم و وەڵامی دەدەمەوە. لێرەدا کاک یاسین بانیخێلانیم دێتەوە یاد، دەڵێم ئەوە چۆنە خۆی پێدەگیرێت و قسەکەی خۆی دەباتە سەر، کە ماڵئاوایی لە نووسین کرد، بەڵێ زۆر جار بە خۆم دەڵێم،هەرچەند زیاتر بخوێنمەوە کەمە، چیم داوە لەم سەریەشە، بەڵام کە یەک،دوو نووسینی گێڕوگەوار دەبینم، بەناچاری دێمەوە قسەو خۆم پێ ناگیرێت.

بوونی ڕەخنە لە حککع و حککا، ڕەتکردنەوەی سیاسەتەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری، وام لێناکات کە لە ڕاست هەندێ ڕاستیدا قوڕوقەپی لێبکەم. ڕەنگە کەم کەس بە قەد من ناسۆری بەدەست چەند کادرێکی ئەم دوو حیزبەوە دیبێت، تەنانەت کار گەیشتوە بەوەی (تەوهینی شەخسی) یشم پێبکەن، ووشەی وا بەکار بهێنن دژم کە هەر بۆ نووسین ناشێت. بە شێوەیەکی زۆر ناسیاسیانەو نامارکسیستانە، لە بلاوکراوە ناوخۆییەکانی خۆیاندا (بەرەو کۆنگرە) ناویان هێناوم و لە کەسایەتیم دراوە. وەلێ، کاتێک دێتە سەر ڕەوایی چەند مەسەلەیەک و بەتایبەتیش هێرشێکی مەبەست ژەنگاوی بۆ سەر مەنسوری حیکمەت، بە مافی خۆمی دەزانم وەکو چەپێک داکۆکی لێبکەم.

مەنسور حیکمەت، بەدەر لەوەی کە من سیاسەتەکانیم پێ دروست نیەو،پێم وایە بۆچونەکانی پشت ئەستوور نیە بە مارکسیزم. بەڵام لە ماوەی ئەم ٢٠ ساڵەی ڕابردوودا،ئەم مرۆڤە یەک ڕۆژ نیە، ووتارێکی نەنووسیبێت،یان چاوپێکەوتنێکی ڕادیۆیی نەکردبێت یان لانی کەم سیمینارێکی نەکردبێت. شەووڕۆژ ئەم ئینسانە خەریکی نووسین و خوێندنەوە بووە، بەرهەمە کۆکراوەکانی باشترین گەواهین. لە ناو نەتەوە سەردەستەکانی وەکو عەرەب و تورک و فارسدا، یەکەمین سیاسیە ئاوها بە سەرسەختانە داکۆکی لە جیابوونەوەی کوردستان بکات و بە مرۆڤی کورد بڵێت، ئەمە مافی خۆتەو وەرە مەیدان بۆی، جا لەوە گەڕێ کە پێشنیازەکەی دروست و کامڵە، یان نا، لەوە گەڕێ کە ئەمە تاکتیکە یان ستراتیژ. ئەمە ژیری و بلیمەتی ئەو مرۆڤە دەردەخات،ئەمە کامڵی سیاسی و جورئەتی سیاسی و دووربینی ئەو دەردەخات. کام سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەچارەکی ئەندازەی ئەو لێکۆڵینەوەو باسی سیاسی و ئابووری هەیە لە سەر ڕووداوەکانی جیهان و ئێران و عێراق و پێشهاتەکان.

مەنسور، کە ئێستا بە دەست نەخۆشیەوە گیرۆدەیە، سەدان کەس لە ڕێبوارانی ئامادەن گیانی خۆیانی بدەنێ ئەگەر، تەکنەلۆژیای پزیشکی توانای ئەوەی هەبوایە، زۆر لەوانەی کە لە کۆمۆنیزمی کرێکاری، دوور کەوتونەتەوە، خەتی سیاسی جیاوازیان هەڵبژاردووە، بە بیستنی

www.kurdistannet.org
02/04/2002 17:42

ناساغی ئەو کەسایەتیە چاوەکانیان، ئاوی تێزا، لە بەر هیچ نا، لەبەر ئەوەی کەسایەتیەکی ناودارەو جێگاو ڕێگا ی هەیە، قورسایی هەیە لە سەر ڕووداوەکان. سیمبۆلێکی چەپ و پێشکەوتوخوازیە. من زۆر دڵنیام لەوەی کە سۆفی سەعی، نەک زیان بە مەنسور ناگەیەنێت، بەڵکو مەزنتری دەکات، بەڕاستی ئەو زۆر لەوە مەزنترە کە بەو هەڵێت و پەڵیتانە بشکێتەوە.

کاک سۆفی، تەنها نمەکی ئەوە بیگرتایە!، کە گەلی کورد لە باشوری کوردستان نزیکەی نیو ملیۆن قوربانی داوە، لە سەدەی ڕابردوودا، کەسێک لەناو سیاسیەکانی کورددا ئەوەندە ئازا نەبوو داوای سەربەخۆیی بۆ کوردستان بکات،داوای جیابونەوەی کوردستان بکات لە عێراق، داوای گۆڕینی نەخشەی سیاسی وجوگرافی ناوچەکە بکات لە باشترین هەلومەرجی زێڕینیشدا،پاش ٤٠ ساڵ لە خەباتی نەپساوەی گەلی کورد، سەرکردەکانی ئێستای کورد بە ئەو مافانە ڕازین کە حکومەتی ئەوسای عێراق لە ١٩٦٣ دای بە گەلی کورد بە کەمێک ئارایشت کردنەوە. بەڵام بە قەولی خۆت (مەنسور بە حیکمەت بێت یان بێ حیکمەت) ، ئەوا حەوت ساڵە داوای دامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆ دەکات بۆ گەلی کورد.
هیچ حیزبێک نیە لە کوردستاندا، سەدان و هەزاران کۆنە جاش و بەعسی و ئەنفالچی لە ڕیزەکانیدا نەبن و بگرە، بونەتە کاربەدەست و بەرپرسی گەورەش. بەڵام بۆ دەرمانیش کەس ناتوانێت بە کۆمۆنیستەکان و چەپەکان بڵێت، فلان کەس، تەنانەت گومان لێکراویشە لە نزیکتانەوە نەک لەڕیزەکانتا.
ئەگەر بریارە ڕەخنەی سیاسی بگریت، ئەگەر قسەی سیاسیت پێیە، فەرموو گەلاڵەی بکە، ووتارو کتێبی لەسەر بنووسە، سیمیناری بۆ بگرە، بەڵام نەک ئەو هەموو تەشقەڵەیە بە کەسایەتی مەنسوور بکەیت. من دڵنیام خۆشت بێزت لە نووسینەکەت دەبێتەوە. چونکە بە زمانێک نووسراوە، هیچ شوفینیستێک وای نانوسێت. هیچ بەعسی و ڕەزمەندەیەکی ئیسلامی وای نانوسێت .

©KurdistanNet